# لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەرەش شەڕ رووویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندار بوون

کەمێک پێش ئێستا لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەرەش شەڕ رووویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندار بوون.

ئەمە شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، تەحسین عسمەت، بەڕێوەبەری ناحیەی دارتوو بە میدیاکانی راگەیاند، لە گوندی گەمزەرد لە سنووری دارتووی سەربە بەردەرەش بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە پێنج کەس بریندار بوون.

بەڕێوەبەری ناحیەی دارتوو ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ئێستادا بریندارەکان گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرە و دوو لە بریندارەکان برینەکەیان سەختە.

باسی لەوەشکرد، لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لە شوێنی رووداوەکەن و لەکەینەوەیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە.